هەسەد لە پەیامێکی بەپەلەدا تەواوی شەقانانو خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ئاگادارەکاتەوە



بەرپرسی ناگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لەپەیامێکی بەپەلەدا تەواوی شەقانانو خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ئاگادارەکاتەوە لەفڕۆکی چەکدارەکانی سەر بەشەرع لەبارەی پەیامێکی مەزڵوم عەبدیەوە، دەشڵێت، "ژەنراڵ عەبدی هەر پەیامێکی هەبێت خەمان بێاوی دەکەینەوە"، ئاشکراشیدەکات، "ئەوەی بێاوبوەتەوە، زیرەکی دەستکردەو ڕاست نییە".

لەپەیامێکی بڵاوکراوەدا فەرهاد شامی بەرپرسی ناگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەد) ئاشکرایکردوە، "گروپەکانی سەر بەجەلانی، دەنگۆکی هاوشێوەی دەنگی ژەنەراڵ مەزڵوم عەبدیو سەرکردەکانی دیکەی کوردیان لەڕێگەی زیرەکی دەستکردوە دروستکردوە".

بەوتەی شامی، "ئەو دەنگەی دروستکراوە، سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی هەسەدەو شەقانانی کوردە لەشاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان، لەو ڕوەوە تکا دەکەین هەمووان ئاگاداربنو باوەڕ بەهیچ شتێک مەکەن کە لەمیدیای فەرمی هێزەکانمانەوە بڵاونەبێتەوە".

شامی جەختدەکاتەوە، "ژەنراڵ عەبدیو هەر فەرماندەیەکی دیکەمان پەیامیان هەبێت، ئێمە خۆمان بۆاوی دەکەینەوە، بۆیە پێویستە هەموان ئاگاداربن ئەوەی کراوە زیرەکی دەستکردەو هیچ پەیوەندییەکی بەفەرماندەی گشتیی هەسەدەوە نییە".